# بڕیاری لێدان و سزادانی مناڵان
# نەخشەی ترسناکترین کۆمەڵکوژییە!

***(لەپێناوی بەرپەرچدانەوەی بڕیاری "وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان"دا)***

**حەمەغەفور**

mgafor@yahoo.com

2006/11/26 11:30

PUKmedia دلزارحەسەن:

لەخوێندنگاکاندا "لێدانی خوێندکار" کاری پێدەکرێتەوە

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بڕیاریدا هەر خوێندکارێك سەرپێچی بکات ئەوا بە "لێدان" مامۆستاکەی دەتوانێت سزای بدات.

بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر بەنوسراوی ژمارە 28758 ی بەرواری 2006/11/5 بەشێوەیەکی رەسمی سەرجەم خوێندنگاکانی ئاگادارکردۆتەوە کە "هەر خوێندکارێك سەرپێچی رێنماییەکانی پەروەردە و خوێندن بکات بەتوندرین شێوە سزا دەدرێت".

سەرچاوەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ئەم هەواڵەی بۆ PUKmedia پشتڕاستکردەوەو وتی: ئەم فەرمانە بەپێی ئالیەتی تازەی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچووە، سەرچاوەکە هۆکاری ئەم بڕیارەشی بۆ کەمتەرخەمی و سوودوەرگرتنی ئەو قوتابی و خوێندکارانە گەڕاندەوە کە بەهۆی نەمانی سزای لێدان لەلایەن مامۆستاکانیانەوە سەرپێچی زیاتر دەکەن و گوێ بە سیستمی پەروەردە و فێرکردن نادەن و بە شێوەیەکی بەرچاویش پشت لە وانەکانیان دەکەن.

سەرچاوەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە بۆ ئەوەی نێوان مامۆستا و قوتابی بێ کێشە و گرفت بڕوات بەڕێوە بەباشمان زانیوە ئەو ئالیەتە تازەیە بگرینەبەر.

بۆ هەمان مەبەست سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر پێی ڕاگەیاندین کە ئەم بڕیارە بۆ ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردە و خوێندن لە خوێندنگاکاندا چاکتر بکرێت و بە باشتر بەڕێوەبڕوات .

**ساڵی 1998 (هەردی نورالدین) قوتابی پۆلی دووەمی سەرەتایی، ئومێدو ئارەزووە مناڵییەکانی لە یەکێك لە خوێندنگاکانی شاری سلێمانیدا بووە قوربانی شێوازی کۆن و سزاولێدان لەناو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردنداو لەژێر لێدانی مامۆستایەکدا گیانی لەدەستدا.**

**پاش ماوەیەکی کەم بەسەر ئەو کارەساتەدا لاشەی شەتەك و ئەنجنکراوی مناڵێکی دیکە کە بەدەم پاقلەفرۆشتنەوە گەیشتبووە ناو بێشەو گژوگیاکانی سەرچنار دەدۆزرێتەوە، لەکاتێکدا چاوە**

گەشەکانی بەقووڵیی بڕیبووە ئاسمانی شین و بێکۆتایی سابەڵکو بۆ دوایین جار ساتێك لە ئامێزی گەرمی دایکیدا بەدەم گێنگڵدانەوە بۆ وەڵامێکی سۆزئامێز بەم پرسیارە گەورەیە(ئایا ئەم شێوازە کۆن و دڵڕەقانەیە لە بەرامبەر منالاّندا کەی کۆتاییدێت!؟) هەستی ئینسانیی و مافی ژیانکردن بباتە ناو کابووسی خەوێکی ترسناکەوەو ئەفسووس بۆ هەمیشە چاوەکانی لێکنا!

11ئەپریڵ1999 بێنەزمیی کۆمەڵگای ژێر سایەی دەسەڵاتی خۆماڵی و کوردی چەقۆی دڵڕقیی خستە گەردنی (ئازاد ابوبکری 14ساڵان) و بە بەرچاوی ویژدانی شارێکەوە، لە بناگوێی هاتوهاواری هەمەڕۆژەی پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسییەوە، لە نابەینی پێلاّوبۆیاخکردن و هەڵپەی منالاّنە بۆ هیوا جوانەکانیدا لە گۆڕستانی گەڕەکی شێخ محی الدین لە سلێمانی سەربڕراو جەستەی نازەنینی لەناو خوێنی بەناهەق ڕژاویدا دۆزرایەوە!

(دیمەن کریمی 15ساڵیش) بەهۆی لەخشتەبردنییەوە لەلایەن کۆنەپەرستانی ئیسلامییەوە کێشکرایە ناو تەلیسمی خورافاتی ئیسلامیی و قورئان خوێندن و موزەخرەفاتی حوجرەو مزگەوتەوەو زەین و هۆشی بێگەردی دەشێوێنرێت و بە منالّی وبە زیندوویی جوانەمەرگکرا!

ئەمانەو دەیان و سەدان بەسەرهات و چیرۆکی کارەساتباری دیکە لە بەکاربردنی توندوتیژی لە دژی منالاّن، چەند دیمەنی دڵتەزێنی پشتگوێخرانی کۆرپەکانمانن لەژێر سایەی سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کە ئەحزابی دەسەڵاتداری کوردی لەسەرەوەی ڕاوەستاون. یانی نازدارترین و بەنرخترین سەرمایەی ژیان و کۆمەڵگاکەمان کراوەتە قوربانی بەستەڵەکی بیرکردنەوەی قەومی و ئیسلامی و دواکەوتووانە! ساڵی 1998 لەژێر گوشاری دەنگی ناڕەزایەتی و ڕەخنەی توندی ئازادیخوازان و ڕۆشنبیران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەتایبەت (ڕێکخراوی مامۆستایان لە کوردستان)دا بەدوای مردنی (هەردی نورالدین)دا حکومەتی ئەوسای یەکێتی ناچارکرا بڕیاری قەدەغەکردنی لێدان لە پرۆسەی خوێندندا پەسەندبکات. دواتریش (سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالاّن) زۆرترین خەباتی ئەنجامدا بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەو حەساسکردنەوەی خەڵك و کۆمەڵگاو مامۆستایان لە گرنگی مامەڵەیەکی شارستانی و سەردەم بۆ پەروەردەی منالاّن.

ڕاستە مێژووی مرۆڤایەتی لێوانلێوە لە چیرۆکی کارەساتی گەورەی ئینسانکوژی و تریاژیدیای تۆقێنەر. خەڵکی کوردستانیش بەزیادەوە لەو جۆرە کارەساتە مرۆییانە زامی سەختی لە ویژدانیاندا هەڵکەندووە . بەڵام ئەگەر بەپێی وەعدو بەڵێنەکان بوایە دەبوو ئیتر ئەو دەورانە کۆتاییبهاتایە! ئەحزابی حاکم ئەگەر هەزار بڕوبیانووی بێبناغە دەهۆننەوە بۆ ئەوەی فەزای سازکردنی ڕیفراندۆمێکی ئازاد بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی کوردستان لە مەحاڵ نزیکخەنەوە، دەبوو هیچ نەبووایە بڕێك مەسئولییەت لەبەرامبەر منالآن و لاوانی کۆمەڵگاکەیاندا نیشانبدایەو بە حورمەت و ئیعتیبارو چاوێکی مرۆڤدۆستانەوە تەماشایانبکردنایەو بەشێك لە ئیمکانیاتی کۆمەڵگایان بۆ پرۆسەی پەروەردەو خوێندن تەرخانکردایە! نەك هەتا منالن و نەگرساون بەمشێوەیە ڕەفتاریان لەگەڵدابکرێ، کە ڕاستوچەپیشیان جیاکردەوەو خۆیان ناسییەوە نائومێدی لەگەڵ خۆی هەڵیانگرێ و ڕوو لە ڕێگای هات و نەهاتی هەندەرانکەن! ڕێپۆرتاژی دوێنێ شەوی تەلەفزیۆنی پارتی بۆ بارودۆخی وەزعی پرۆسەی خوێندن و خوێندکاران کارەساتی بەپەندبوونی ژیانی نەوەکانی شاری کەرکوك نمایشدەکات. جێگای شەرمەزارییە منالآن لەناو چادرو لەسەر ئەرزی ڕووت دانیشن و باسیش لە ئاساییکردنەوەی بارودۆخی ئەو "شاری زێڕی ڕەش"ە بکرێ! بەلآم کارەساتی هەرە گەورەو ماڵوێرانکەر ئەوەیە کۆمەڵگاو بەهاو مافە ڕەهاکانی مرۆڤ بەدەستی کۆمەڵێك کەسی لامبالات و مەستی دەسەلآت و دوور لە شارستانییەت و ژیانی سەردەم، بە بڕیاری نامەسئولانەو قەرەقۆشی ئەتك و نابوودبکرێ!

بڕیاری گێڕانەوەی لێدان و توندوتیژی بۆ ناو پرۆسەی خوێندن و پەروەردەی کوردستان، بەزاندنی هێڵی سوورە لە دژی خەڵکی کوردستان، هەڕەشەیە لە ئایندە و لە شارستانییەتی کۆمەڵگا. ئەم بڕیارە نوێیەی پەروەردەی هەولێر بەکردەوە پاشەوپاش گەڕانەوەیەکی ئاشکراو ڕوونە بۆ کەلتوورو ئامرازو شێوازەکانی ڕژێمی بەعسی فاشیست بەتایبەت لە مەجالی پەروەردەدا! ئەم بڕیارە نەك دەبێ دەسبەجێ وەربگیرێتەوە، دەبێ خەڵکی کوردستان و لەپێشیانەوە ئازادیخوازان و مامۆستایان و ڕۆشینبیران و هەموو ئینسانێکی ئازادەو سکۆلار بەیەك دەنگ و بەیەك ڕیز لەبەرامبەری ڕاوەستن و خوازیاری پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سەراسەری بن لە نوێنەرانی خەڵك بۆ بەدواداچوونی ئەم مەسەلەیەو وەزارەتی پەروەردەو حکومەت و پەرلەمان بەرپرس بکرێن لەم بارەیەوە.

دەبێ بزووتنەوەیەکی مەزن و سەراسەری بخرێتەڕێ لەپێناوی دانانەوەی ئەم عەقڵییەت و سیستەمە فکرییەی کە بەمجۆرە دەڕوانێتە منداڵان لەسەر جێگای خۆی. نابێ ڕێگابدرێ لەجیاتی قەرەبووکردنەوەی جەورو ستەمی سەر خەڵکی کوردستان  بە درێژایی دەیانساڵ، بەدەستی حکومەتی خۆماڵیش نەوەکانمان کۆمەڵکوژبکرێن. ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێم لەئاستی پەروەردەو فێرکردندا، دەست و پێی سوننەتی عەشایەری و باوکسالاری و گەورەسالاری ئاوەڵادەکات بۆ گیانی منداڵانی ئەم کۆمەڵگایە. لەفەرهەنگی عەشیرەییدا منداڵان لەڕیزی مەڕوبزن و حەشاماتدا دادەنرێن و گەورە بە گوێرەی عورف و عادەتی باوی قەومی و ئیسلامی و خێڵەکی دەتوانێ نمایشی (ئیبراهیم و ئیسماعیل) بکاتە سومبولی پەروەردەو گوێڕایەڵیی بۆ باوك و دایك و دەست بۆ هەر دەستدرێژی و تاوانێك ببات لە دژی منداڵان! لە کۆمەڵگایەکدا ئەم فەرهەنگە کاری پێبکرێ، سەرتاپای ژیان و کەسایەتی منداڵان تیایدا دەتوانێ ببێتە مەیدانی کوتەککاری و دەست و پێشکاندن و سووکایەتیپێکردن و ڕۆژی سەد جار شکانەوەی منداڵان و سۆزو عاتیفەی تێدا دەکرێتە قەرەبرووت. ئەمە ئیتر پەروەردە نییە. ئەمە بەقەقنەسکردنی بەری درەختی ژیان و هەوێنی ئایندەی کۆمەڵگایە! ئەمە ئیتر ترسناکترین بەڵایەکە لایەقی ئەم خەڵکەو ئەم کۆمەڵگا سکۆڵارو کراوەیە نییەو نابێ ڕێگابدرێ پێی ئالوودە بکرێت! بەمپێیە ئەم بڕیارەی پەروەردەی هەولێر لەئاستی نەخشەی کۆمەڵکوژییەکی ئاشکرادایەو دەبێ بێ ئەملاوئەولا هەڵوەشێتەوە.

2006-11-28